سەرۆک کۆمار: قوربانیدانی شەهیدان بنەمایەکی سەقامگیری ئەستای وڵات پێکدەهێنێت



ئەمڕۆ یەکشەممە عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار دووپاتیکردەوە کە قوربانیدانی شەهیدان بنەمایەکی سەقامگیری ئەستای وڵات پێکدەهێنێت.

سەرۆک کۆمار لەمیانی بەشداریکردنی لە وەرزشی ناوەندیی سایادی شەهید بوونی سەرکردەکانی سەرکردایەتی وتی : ئەو هەوڵستە قارەمانانەی شەهیدانی هێز ئەمنییەکان، بەهموو پێکهاتەکانیانەوە کەوبووی دندترین هێزی تیرۆر و تاریکستان دبووندوە، بوونتە بنەمایەکی سەقامگیری ئەستا وڵات .

هاشیگیاند : کە بەرپرسیارێتی نیشتمانی و ئەخلاقیمان وادەخوازێت کە ئەم قوربانییە گەورانە لەبیر نەکەین و بیانپارێزین و لە یادی نەوەکانی داهاتوودا بیانچەسپێنین و یادەوەریان بکەینە پانتایەکی بەردەوام بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا و دامەزراوەکان و بەهێزکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

سەرۆک کۆمار لە درێژەی وتارەکیدا وتی : وەتەکەمان و گەلەکەمان بەرەو پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری و چەسپاندنی ئەزمونی دیموکراسی ناوازەی لە ناوچەکەدا هەنگاو دەنێت.

ووتیشی : لەگەڵ ئەو سەرکەوتنەی لەکخستنی هەبژاردنی پەرلەماندا بەدەست هاتووە، ئەستا شایستەیەکی گەورەی نیشتمانی لەبەردەممانداین، لە پێش هەمووانەوە پێکهێنانی حکومەتێکی گشتگیر کە

توانای بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی عێراقی هەبێت.

راشیگەیاند : ئەنجوومەنی نوێنەران بەرپرسیارێتی مەزنیان لە ئەستەدایە، کە بریتین لە چالاککردنی دەوڵی چاودێری و یاسادانانی و دوو هێندەکردنی هەوڵەکان بۆ دەرکردنی پەڕۆ یاسایی گرنگەکان کە پاستۆخ پەیوەندییان بەپەداویستییەکانی ژیان و خزمەتگوزاریی هاوواتیانەوە هەیە.